راوێژکاری سەرۆک وەزیران : باجەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر عێراق نابێت

راوێژکارێکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، دەنیای دەدات باجەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر عێراق نابێت و ئەمریکا بە ئەوان هاوبەشێکی سەرەکیی ئابوری نییە.

ئەمە یەکشەممە ٦ـی نیسانـی ٢٠٢٥، مەزهەر ساڵح، راوێژکارێکی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، ئەم بڕیارانەی ترەمپ جیهان هاوشێوەی جەنگی دووەمی جیهانی گەشەگیر دەکات.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەناردەکردنی نەوتی عێراق بە ئەمریکا زۆر نییە و ساڵانە لە پێنج ملیار دۆلار تێپەڕ ناکات وباجەکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر ئابوری عێراق نابێت.

ئەوەشی خستەووە، بەهۆی ئەوەی ئابوری ئەمریکا یەکێکە لە گەورەترین ئابورییەکانی جیهان، پێشبینی دەکرێت ئەم بڕیارانەی کاریگەرییان لەسەر بەرزبوونەوەی تێچوی زنجیرەی دابینکردنی پێداویستی جیهانی هەبێت و دەخێکی هەڵاوسانی سنوربەزێن دروستبکات.